# چێشتخانەکانی بەهەشت



محەمەد قادر یونس


بۆ کەمال محەمەد

ڕووتم وەک کاڵبوونەوەی دڵۆپێ مەرەکەب
ئاو لە گیرفانەکانم دەچۆڕێ
ئەی یەکەم دوا دڵۆپە بارانی وشک بە تەوێڵەوە
ئەی بریسکانەوەی من لەبەر چاوی باران
ئەم مردنە چەند خەستە بێ تۆ؟
ئەم شەڕابە چ سەختە بێ تۆ؟

*** ***

تۆ زنجیرەکانم لێ وەرمەگرە...
مەڵێ چەند بە چەندی ئەو تەنیاییە دەکاتە عەشق
وای لە تۆ کە سبەینێ بەسەر پڕبوونەوەی من دێیت
لێم دەپرسی:
ئەم ئایەتانە چەند لەسەر عەشقن؟
ئەرێ ئەم پایزانە چەند پاشان؟
من پرسیارت دەربارەی ڕەنگەکان لێ دەکەم
پێت دەڵێم:
ئەم مردنانە عاشقن، ئەم
گەڵایانە ئاوی لیمۆ دەخۆن تۆ بەدەم
پرسیارەوە عاشقم دەکەیت و من
بەدیار ئێوارەوە ڕەنگی تەڵڵاکانت
بۆ دەبرسکێنەوە.....
من محەمەدانە خۆشم دەوێی
محەمەدانە دەڕژێمەماڵتەوە
محەمەدانە تا شۆڕبوونەوەی
لاولاوی نوری خوا بە دیوارەکانت
دەستت دەگرم
تۆ تووی وەریوی دارەکانم بۆ هەڵدەگریتەوە

من ڕەنگی وەرزەکانت لەسەر لەپ دەکوتم
تا بەردەرگای ئەم چرۆیانە هاوڕێت دەبم.
تا سەری ئەو زۆنگاوانە لەگەڵت دێم.
تۆش هەتا سوێندخواردنم لەبن ڕەشماڵی
ئەو زەردەخەنە تاریکانە تا لێوهەڵقورچاندنی
یاری لەوپەڕی ناز بە کپێنی کردنەوە
جێم مەهێڵە.
بیر لە هەڵوەرینی ئەکاکیاکانی بینین
مەکەوە، وەرە پاڵم و توند خۆت
بە مۆخی ئێسقانەکانمەوە بنووسێنە
پرتەقاڵی دڵم ڕاکوشە، تا تینت تیایە خوێنمی
لێ هەڵوەرێنەوە بیخۆرەوە
دەستم بەرێ...
ئەی ئافاتە وەریوەکانی ڕۆحم
من تێر نابم لە هەڵوەرینی دەنکە هەڵوژەکانی
نیگات بەبان پێدەشتی ڕۆحی من
تەنیا توانای هەڵگرتنەوەی دەنکێک ئاوم
ماوە، نەک پیاڵەیەک لیمۆ نازی نەمامی
ڕێحانەیەکم پێدەدرێ نەک باخچە...
وەڕسم لەوەی ئێوارەیەک شیعر تەنیایەو من تەنیام و
تۆش دیارنیت
بەتەنیا دەگەڕێمەوە ماڵ
عادەت بە هەڵوەرینی
سێوەکانی سەر ڕێگەم دەگرم
بە گوڵێک دەڵێم بەیانی باش
سڵاو لە پشیلەیەکی کزۆل دەکەم، بە بەرد دەڵێم
دڵی تۆ رەقترە یا نیشتمان؟
لە خوێندنەوەی شیعرێک دەبمەوە بەدەم ورتە ورتەوە
پەنجەکانم دەلێسمەوە، گەڵایەک دەبینمەوە دەست
دەکەینە ملی یەکتر و پێی دەڵێم ئەرێ هاوڕێ
چۆنیت؟ جۆگەلەیەک پاکدەکەمەوە، بەدەم
هەڵگرتنەوەی پیاڵەیەک کل مەست دەبم
بەدەم فیتووهەڵدانێکی مناڵانەوە بە کچەکە دەڵێم
ژیان چەند لە خوێندنەوەی شیعرەکانی
"هاشم سەڕاج"دەچێت
بە یەکەوە چا، بەدەم هەڵقوراندنی
ئەو کاتەی دەڕژێیتە دووریانی چاوی من.
هێرۆیەک تێدەگەیەنم پوکانەوەیانی
ڕژانی خوێنی دەنکێک فەرەنگ



لەژێر پێی شیعرەکانی «بەختیار»
لەگەڵ وەرز ئاشتدەبمەوە
دەست لەناو دەستی مناڵیم ئەنێم و پێ بە پێ تا بەردەرگام دەبا
پێی دەڵێم:
فەرموو هاوڕێ وەرە ژوورەوە
شەرم دەکا لە ڕیشی سپیم، لەوەیا تێدەگەم
ئافرەتە گوڵفرۆشەکەی کۆڵان ئێستا باخ
دەفرۆشێ
وەک شانازیکردنی ئەکاکیایەک لەوپەڕی
بێ ئۆقرەیی گەردەلوولێک بە تاڤگەی
چاوەکانمەوە بکە
بریندارمکە وەک بەربوونەوەی
دەنکێک هەنار بۆ پاشگەزبوونەوە
ئەی سپیترین تاریکی بەشۆڕەبیی
ئاسمانەوە....
سەرم دەخەمە سەرشانی ئەو گەردەلوولانەو گۆرانی دەڵێم
تۆش پاشگەزم بکەوە لە تۆران
من پێت دەڵێم
دەنگی ئەو بروسکانە
دەنگی ئازاری نوورن.....
تێتدەگەیەنم ئەم پردانە کورتن، ئەم
مناڵیانە گەورەن
تۆش دابەشم کە بەسەر یاقوت و
مەرجان
تۆش لایەکم بڕوخێنە و
لاکەی ترم وەک مانەوەی کەرتێک
پەیکەری چاخی بەردین بهێڵەوە
تۆ سەفەرتاسی هەموو ئەو بەیانیانەم لەگەڵ دەکەیتە نیوە
قاژ قاژی شوتییەکانم لەگەڵا بەشدەکەیت
پەڕپەڕی ئەو سیگارانەم لەگەڵا هەڵدەکێشیت
من خەونت بۆ ڕاو دەکەم، ئاسنی ساردت
بۆ دەکەمە دەف، بۆنی بارووتی ئەو
تەنیاییەت بۆ دەگۆڕمەوە بەدوعا
تۆ بەدەم یادەوەریی گێڕانەوە لەبەردەم
حەوزەکە دەستەکانت پاکدەکەیتەوە لە کڵپە و
بانگم دەکەیت:
بانگم بکە با کاس بم پەردبوونی زریکانەوەی تۆ  وەک رژانی
خوێنی ئەو سنەوبەرانە چۆن جەستە جێدەهێڵن، جێم بهێڵە.